# ماددەی 140 و هەندێ پرسیار و وەڵام

شاخەوان شۆڕش

تێبینی: ئەو پرسیارووەڵامە لەلایەن هەفتەنامەی شەقام ڕێکخراوە و پاشان لە ژمارە 85 لە ڕێکەوتی 29.11.2006 دا بلاوکراوەتەوە.

1– ماددەی 140 چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

ئەرتیکلی 140 هەروەکو گەڕانەوەیە بۆ بڕیاری 58[1] ی دەستورە کاتیەکە، لە ئاست چەندین خاڵی گرنگدا، تەمومژی یاسایی و لێکدانەوە دەگرێتە خۆی. نەبوونی وردیی و ڕوونیی سەبارەت بە گەلێ خاڵ و بەشی بڕیارەکە هەیە. لەو ئەرتیکلەدا ئاماژە بە چەمکی بەعارەبکردن و پاکتاوی ڕەگەزی ناکرێت. بڕیارەکە بەشێوەیەکی سیستەماتیکیانە خۆی لەو چەمکانە پاراستووە، نەتەوەی تاوانکار دەستنیشان ناکات، نەتەوەی قوربانی دیار ناکات، بەشێوەیەکی گشتگرانە ئاماژە بە ناسنامەگۆڕین، ڕاگواستن و لەکاردەرکردن و چاککردنەوەی سنوری پارێزگاکان کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا دەستکاریکراون دەکات. چارەسەرەکەی بە کۆمەڵێ پرۆسەی یاسایی و یەکە و دامەزراو بەستۆتەوە، بەجۆرێ چارەسەرەکە ئاڵۆز و زۆر سەخت دەکات. هەروەها نەنوسراوە چۆن و بەچی پێوەریک گشتپرسی لەسەر ئەو ناوچە کێشەلەسەرانە دەکرێت. لەو ئەرتیکلەدا بەهیچ جۆرێک هێما بۆ سنوری مێژوویی باشوری کوردستان (ویلایەتی موسڵ) ناکرێت، ئەگەرچی کێشەکە ڕاستەوخۆ لەسەر ئەو سنورەیە، ئەوەش لەڕاستیدا دان پێنەنانی سنوری مێژوویی باشوری کوردستانە، لەهەمان کاتدا هەوڵی دیارکردنی سنورێکە کە بەئەگەری زۆر لەدەستدانی ناوچەی کوردستانی لەگەڵدایە.

ئەو نادیاری، ناوردی و ئاڵۆزیەی لە ئەرتیکلەکەدا هەیە، بێگومان وایکردووە، هەر لایەنە بە ئارەزووی خۆی لێکیان بداتەوە. لێکدانەوەکانیش دژ بەیەکن و لەیەکتر دوورن، بۆیە دەکرێ بەیەک گەیشتن لە هەندێ باردا زۆر سەخت بێت یا هەر نەکرێت.

ئاخر ئەو ئەرتیکلە هەر بەتەنها کەرکوک و ناوچەی کەرکوک ناگرێتەوە، کێشەی سنور لە خوارووی خانەقینەوە تا خوارووی ڕۆژئاوای شەنگار دەگرێتەوە. بەدرێژایی ئەو ناوچانە لە ماوەی هەشتاساڵی ڕابردوودا گۆڕان کراوە، پۆلیتیکی بەعارەبکردن و پاکتاوی ڕەگەزی درێژەیان بەشێوەی جۆراوجۆر هەبووە، ئەوەش مۆرکی خۆی بەدیاریی سەبارەت بەو ناوچانە چەسپاندوە، بەجۆرێ ئێستا دەسەڵاتی کوردی خۆی دەستی لە هەندێ ناوچە شوشتووە، بۆنمونە ئەوان خۆیان بەبێ هیچ بەڵگەیەکی هۆشمەندانە، یا دانوستان یا بڕیاری گەل شاری موسڵیان خەڵاتی عارەبان کرد.

دیارە ئەرتیکلی 140 تەنها ئاماژە بە خراپەکاریەکانی (بەعەربکردن نا) سەردەمی بەعس دەکات، بەکورتی ئەوەی پێشی ئەوان یا پێشی ساڵی 1968 کرا هەمووی جێگای خۆیان گرت. ئەو گۆڕانکاریانەی بەتایبەتی لەدوای پرۆژەی ئاوی حەویجە بەمەبەستی بەعارەبکردنی ناوچەی کەرکوک و ناوچەکانی تری باشوری کوردستان کران، وایانکردووە پرسیار لەسەر کوردستانیبوونی هەموو بەش و بستێکی ئەو ناوچانە دابندرێت و وابکات نەتەوەی باڵادەستی عارەب هەمووی بێ ئەولاوئەملا بە خاکی خۆیان بزانن. بۆیە وا پێشبینی دەکرێت، جێبەجێکردنی خاڵ و بەشەکانی ئەرتیکلی 140 لەهەر ناوچەیەکدا تووشی کێشەی زۆر دەبێتەوە کە دەکرێ گرێکۆرەیان لێبکەوێتەوە.

پاشان گشتپرسی لەسەر ئەو ناوچانە ئەنجامەکەی لەدەستدانی کەم یا زۆری ناوچەی کوردستانییە، ناو و ژمارەی ئەو ناوچە دۆڕاوانە دوای گشتپرسیەکە دەردەکەون، ئەوە ئەگەر گشتپرسیەکە بکرێت. دیارە ناوچەی کوردستان هەن بەتەواوی بەعارەبکراون (ئەوانەی بەر لە ساڵی 1968 و دواتر)، بێگومان دانیشتووە عارەبەکانی ئەو ناوچانە

[1] سەیری وتاری "ئەرتیکلی 58 گەرەنتی چارەسەرێکی ڕەوا ناکات" کە سەبارەت بە ناوەڕۆکی ئەرتیکلەکەیە لە ڕێگای ئەو لینکەدا بکە:
http://www.kadirshorsh.com/Artikli%2058%20gerenti%20chareseri%20guncaw%20nakat..30.1.2005.pdf

بەئەگەری زۆر ئێراق هەڵدەبژێرن نەک کوردستان. کێشە و مەترسیەکانی ئەرتیکلی 140 کە سەبارەت بە بەرژەوەندیەکانی کوردستان هەن، هێما بۆ ئاستی توانای دەسەڵاتدارانی کورد دەکەن.

### 2- پێت وایە ئەو مادەیە لە کات و ساتی خۆیدا جێبەجێ بکرێت؟

ئەرتیکلی 58 کە لە دەستورە کاتیەکەدا لە ڕێکەوتی 8ی مارسی 2004 دا ڕێکەوتنی لەسەر کراوە، دەبوایە لە قۆناغی گواستنەوەدا چالاکانە دەست بەجێبەجێکردنی بکرێت. بەڵام وەکو دیتمان هیچ کارێک و هەنگاوێکی بەکردەوە بۆ جێبەجێکردن لە ماوەی حوکمی ئەیاد عەلاویدا نەکرا، پاشان دوای پەسندکردنی دەستوری هەمیشەیی و حکومەتی جەعفەری بارەکە خراپتر بوو، پاشان دوای هەڵبژاردن و حکومەتی چوارساڵەی نوری مالیکی، ئەویش پاسیڤ بووە و تا ئێستا تەنها دەستەیەک بۆ جێبەجێکردن دیارکراوە و ئۆفیسی لە شارەکانی کەرکوک، خانەقین و شەنگار "دەڵێن" کردۆتەوە. دەستکاری ئەندامانی دەستەکە لەلایەن نوری مالیکی کراوە و ئەندامێکی بەرەی تورکمانی بۆ زیادکراوە. واتە جگەلەوەی بەکردەوە و لە بواری جێبەجێکردندا هیچ نەکراوە، ئەو چەند هەنگاوەی کە بۆ پێکهێنانی میکانیزمێک بۆ جێبەجێکردن نراوە، ئەویش کێشەی بۆ دروستکراوە. وەکو دەڵێن خەرجی دەستەی جێبەجێکردنەکەش لەلایەن مالیکی یەوە ڕاگیراوە.

بەپێی ئەرتیکلی 140 دەبێ قۆناغی جێبەجێکردن لە کۆتایی ساڵی 2007 دا تەواو بێت. بەڵام وەکو دیارە لە مارسی 2004 ەوە تا ئێستا کە دەکاتە زیاتر لە دوو ساڵونیو هیچ کارێکی ئەتۆ نەکراوە شایانی گوتن بێت، بۆیە زۆر دوورە ئەو ئەرتیکلە پڕ لە کێشەئاڵۆزە لە ماوەی ساڵێکدا بتواندرێ جێبەجێ بکرێت.

ئەوە جەگەلەوەی وڵاتانی داگیرکەر بەتایبەتی تورکیا هەموو هەوڵێک بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی بڕیاری 140 دەدات، چونکە تورکیا مەترسی هەیە، کەوا بەتایبەتی کەرکوک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان. دیارە تورکیا بۆیە هەوڵی دواخستن دەدات، چونکە ئەو دەیەوێ کاتێک لەسەر ئەو کێشەیە گۆتن بکرێت کە عارەب خۆیان تەواو گرتبێتەوە و بەهێزبن. لەو بارەدا ئەگەری جێبەجێکردنی داخوازیەکانی کورد زۆر کەمتر دەبێت، چونکە ئەگەر عارەب خۆیان بگرنەوە و کێشەی نێوخۆییان نەمێنێت، ئەوا دژی زۆر لە داخوازیەکانی کوردان بە ئەگەری زۆر دەوەستن، ئەوە ئەگەر سەیری ئەزموونی ڕابردوو بکەین.

- **ئەگەر جێبەجێبکرێت هەڵوێستی عارەبی ئێراق بۆ داهاتوو چۆن دەبێ؟**

وەکو گوتم، بەپێی ئەو هەموو پێشگری و سستیەی سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەرتیکلی 140 هەیە، واپێناچێ ئەو ئەرتیکلە جێبەجێ بکرێت. دەکرێ هەندێ کار لە بواری جێبەجێکردندا بکرێن. بەڵام ئەگەر گریمان دوور لە هەموو پێشبینیەکان تەواوی خاڵەکانی ئەو ئەرتیکلە جێبەجێ کران. جارێ نازانین جێبەجێکردنەکە بە قازانجی کورد تەواو دەبێ یان نا، ئەگەر جێبەجێکردنەکە بوو، نازانین چۆن دەبێ و چەند یاسایی و ڕەوا دەبێ؟ ئەوانە و کۆمەڵی پرسیاری دی لەو بارەیەوە بێگومان خۆیان دەسەپێنن. ئەگەر لە ئەنجامی جێبەجێکردنەکە و بەتایبەتی گشتپرسیدا هەندێ ناوچە و بەتایبەتی کەرکوک لەدەستی کوردان دەرهێندرا و خرایە سەر ئێراق، لەو بارەدا عارەب پشتگیری ئەنجامی جێبەجێکردنەکە بەئەگەری زۆر دەکەن. بەپێچەوانەوە ئەگەر لە ئەنجامی گشتپرسیدا زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بە کەرکوکیشەوە گەڕانەوە سەر کوردستان، ئەوا بەئەگەری زۆر زۆرینەی عارەبەکان دژی دەوەستن، گەلێکیان دەکەونە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکە. ڕەنگە هەڵوێستەکە تاڕادەیەک لەو هەڵوێستە کە سەبارەت بە پەسندکردنی دەستور و پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراق کە لە ناو گەلانی ئێراقدا هەن، بچێت. لەو بارەدا واپێدەچی عارەبی شیعە هەندێکیان بێدەنگ بن یا جۆرە پشتگیریەک پیشان بدەن، لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆریان دژی بوەستن و بە ناڕەوای دابنێن. عارەبی سوننە بەئەگەری زۆر دژی ئەنجامێکی ئەوها دەوەستن و بە ناڕەوای دادەنێن. دەکرێ هەڵوێستی نەرێنی زۆرینەی عارەبەکان، (بەتایبەتی گروپی سوننە و شیعەکانی سەر بە سەدر) ببێتەهۆی نانەوەی ئاژاوە و جەنگ، ئەوە ئەگەر هێزێکی نێونەتەوەیی یا ئەمەریکایی بۆ پارێزگاری سنور تەرخان نەکرێت.

- **ئەگەر جێبەجێ نەکرا هەڵوێستی کورد بۆ داهاتوو چی دەبێ؟**

دیارە واپێدەچێ بڕیاری 140 لە کاتی خۆیدا جێبەجێ ناکرێت، یا هەندێ هەنگاو دەنرێت، بەڵام زۆر کاری گرنگ دەکەونە دوای کاتە دیارکراوەکە واتە دوای 2007. لەو بارەدا و بەپێی ئەزموونەکانی چەند ساڵی ڕابردوو، واپێدەچێ جۆرە ڕێکەوتنێک لە نێوان لایەنەکانی کێشەکە هەوڵی بۆ دەدرێت یا دێتەدی، کە تیایدا واپێدەچێ هەڵوێستی دەسەڵاتی کوردی وەکو جارانی پێشوو، پەسندکردن دەبێ بێ بوونی کاردانەوەیەکی دراماتیکی یا توونd. ئەگەر شتێک ببێ دەکرێ

تەنها هەندێ هەڕەشەی بەگوتنی بێ کردار بێ، هەروەکو پێشتر بیندراوە. کە ڕێککەوتنەکەش کرا ڕەنگە سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی دیسان ئەوە بە باشترین چارەسەر بناسێنن. بەکورتی واپێدەچێ دیسان درێژکردنەوەی کاتی جێبەجێکردن دووبارە ببێتەوە، بەمجۆرە ئەگەری زیاتر دواخستن هەیە.
هەروەها لەبەر ئەوەی کورد بەگشتی هێشتا ئامادە نییە و نەیتوانییوە ناکۆکی و کێشە ناوخۆییەکانی ڕابردوو و ئێستای بەکردەوە تێپەڕێنی، بۆیە لاوازە و لە ئاستی پێویستدا نییە. لەخۆڕا نییە هەڵوێستی دەسەڵاتی کوردی لە ئاست عارەبەکانی بەغدا لاوازە، لە ئاست دەسەڵاتی ئەمەریکا بوونێکی ئەوتۆی نییە.
لەئەگەری جێبەجێ نەکردنی بڕیاری 140 دا، هەنگاو و هەڵوێستی دەسەڵاتی کوردی بەئەگەری زۆر لە چوارچێوەیەکی ئێراقچیانە دەبێ. واتە ئەوان کارێ ناکەن دژی بەرژەوەندی ئێراق و یەکگرتوویی خاکی ئێراق بێت، هەروەها بەرژەوەندی عارەبەکان و ئەمەریکا و وڵاتانی داگیرکەریش لەبەرچاو دەگرن. چونکە ئەوان بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان لەسەر ئەو بنچینەیە داڕشتووە، بۆیە ئەگەر وانەکەن بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیان دەکەوێتە مەترسیەوە.
زۆر بە دووری دەبینم، دەسەڵاتی کوردی بە کاری دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکان هەڵسێ، یا لە حکومەتی بەغدا بکشێتەوە و هەنگاوی جیابوونەوە بنێ. پێموایە دەسەڵاتی کوردی و ئەوانەی ئەوڕۆ سەرکردایەتی کوردیان بەدەستە، نە ئەو یەگرتوویی و توانا و هێزەیان هەیە، نە ئەو کەسانەن، نە ئەلتەرناتیڤێکی دیکەیان پێیە، نە ئامادەی کاری لەو شێوەیەشن.

### 3– بارودۆخی هەرێمی کوردستان چ سەرکردایەتی کورد و چ خەڵکی کوردستان بەتایبەتیش کەرکوک لەبەرامبەر ئێستای ئەو بڕیارە چۆن دەبینی؟

وەکو گوترا سەرکردایەتی کورد جگەلەوەی لە ئاست عارەبەکانی بەغدا لاوازە، هەمیشە یەکلایەنە هەوڵی سنورداری خۆی بۆ چارەسەر داوە. هەروەها هەوڵەکانی پارچەپارچەن و کاریگەری پارتایەتی بەسەریدا زاڵە، لە ئاست گەلێ پرسی گرنگدا وەکو ئاوارە گەراوەکان کەمتەرخەمە، جوداکاریەکی زۆر لە ناو کارەکانیدا بەدی دەکرێت، گەندەڵی لەناو دامەزراوەکانیاندا بە فراوانی هەیە هتد. ئەوان نەیانتوانیووە بوونی کورد لە کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکانی دی وەکو ناسیۆنێکی یەکگرتووی خاوەن بەرپرسیاری و خاوەن پرۆگرام پیشان بدەن. دەسەڵاتی کوردی ڕێکوپێک نییە، خاوەن پرۆگرامی سیستەماتیکی نییە، وەکو دەسەڵاتێکی بەرپرسی ناسیونالیستانە ناجوڵێتەوە. دەسەڵاتی کوردی بەکردەوە نەیتوانیوە لە ئاستی پرسی گرنگی سنوردا بێت. ئەوە جگەلەوەی دەسەڵاتی کوردی خۆی بەکردەوە خەڵکی کوردستانی ناوچە دابڕاوە کوردستانیەکانی تەریک کردووە و لە زۆر بۆنەدا ڕێگای ئێراقیان پیشان دەدات. دیارە دەسەڵاتی کوردی لە ئاست ئاستەنگ و تەگەرەکانی جێبەجێکردنی بڕیاری 140 پاسیڤە و باش نییە. گوشار بۆسەر بەغدا دروست ناکات، لە ئاست دەستێوەردانەکانی تورکیا هەڵوێستی لاوازە هتد.

سەبارەت بە خەڵکی کوردستان، پێشتر خەڵکی کوردستان لە بڕیارە چارەنوسسازەکاندا بەر لە ڕێکەوتن و مۆرکردنی بڕیارەکان پرسیان پێنەکراوە، یان پرسیارە گرنگەکان بەلاوەنراون و ڕێز لە قورسایی گەل نەگیراوە، واپێدەچێ لە پرسی کەرکوک و سنوریش، هێندە گرنگی بە هەڵوێستەکانیان نادرێت.
لەلایەکیتر هوشیاری نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان لاوازە و تێگەیشتنی گونجاوی بۆ پرسی سنور نییە، جگەلەوەی ئەو بارودۆخە نالەبار و گەندەڵئامێزەی ئەمڕۆ یەکێتی و پارتی لە کوردستاندا دروستیان کردووە، هەستی ناسیونالیستانەی خەڵکی زۆر نزمکردۆتەوە، بەجۆرێ کە خەڵک بڕوایان بە پرسە نەتەوایەتیەکان هێندە نەماوە. ئەوەش بێگومان وایکردووە لە ئاست پرسێکی گرنگی وەکو سنور بە خراپ بشکێتەوە. بۆیە لەگەڵ ئەوەی کاری نەرێنی لە لایەن دەسەڵاتی بەغدا و عارەبانەوە هەن، بەڵام کاردانەوە لەلایەن خەڵک زۆر لاوازە یا هەر نییە.

### 4– ئەگەر هەر پێشنیار یان بۆچوونێکت سەبارەت بەو مادەیە هەبێت؟

بوونی ئەو ئەرتیکلە بەو شێوەیە و ئەگەری گشتپرسی جێگای ڕەخنەی زۆرە، چونکە ڕەوا نییە لە سەر خاکی کوردستان گشتپرسی بۆ ئەگەری کوردستانیبوونی ناوچەیەک بکرێت، ڕەنگە گونجاوترین ڕیگاچارە ئەوەبوو گشتپرسی لە سەر سنورە مێژوویەکە بە پانایی چەند کیلۆمەتر بکرێت. بەو واتایە دەبوایە بە ستراتیژ و تێگەیشتنێکی ترەوە کە جەخت لەسەر سنوری مێژوویی باشور دەکاتەوە، بۆ پرسی سنور هەنگاو بندرایە. بەمجۆرە سنور نەک کەرکوک بکرابایە سەنترال لە دانوستانەکاندا. بەڵام وەکو دەرکەوت ئەو سەرکردە ئۆتۆنۆمیخوازانە شتێکی نوێی جیا لە تێگەیشتنە کۆنەکەیان بۆ پرسی کەرکوک پێنەبوو. سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی وەکو پێشوو خۆیان هاتوون گفتوگۆ لەسەر

ناوچەی کوردستانی لە دیوی ناوەوەی سنوری کوردستان دەکەن. دەبوایە دوای ئەو هەموو گۆڕانە ناوچەیی و جیهانییەی ڕوویاندا ستراتیژێکی نوێ بۆ پرسەکە دابڕێژرێت، ستراتیژێک کە ڕەنگی لە بنچینەی دروستبوونی خەباتی ڕزگاری باشوری کوردستان لە دوای لکاندنی بە ئێراقی عارەبی دەدایەوە. ستراتیژێک کە هەوڵی ناساندنی سنوری مێژوویی کوردستانی دەدا و دەیکردە سەنترالی دانوستانەکان. چونکە ئەو دەرفەتەی (لە 1991 وە) ڕەخسا نە بەهۆی ئازایەتی کورد بوو و نە لە پیاوەتی عارەبان بوو، ئەوە گۆڕانێکی ناوچەیی و جیهانی لەگەڵ خۆیدا هێنای.

هەرچۆنیبێ سەبارەت بە بڕیاری 140، ئەو ئەرتیکلە پڕیەتی لە کێشە و کەموکوڕی، بۆ چارەسەری کێشەیەکی ئەوها ئاڵۆز، دەبوایە زۆر ئازایانەتر و کراوەتر بێت، دەست لەسەر کێشەکان ڕاکشاوانە دابنێت، سڵ لە ناو و چەمکەکان نەکاتەوە، کۆنکریتی پێشنیاری جێبەجێکردنی یەک بەیەکی خاڵەکان لە چوارچێوەی پرۆگرامی دیار و ڕوون بکردایە. بۆنمونە دەبوایە دیاری بکات، گشتپرسی لەسەر چ ناوچەیەک و لە کوێ بکرێت. کێ مافی بەشداری لە گشتپرسیەکەدا هەیە؟ هتد.

ئەرتیکلی 140 گەرەنتی چارەسەری ڕەوا ناکات، دەکرێ ئەنجامەکە بۆ گەلی کوردستان بە خراپ بگەڕێتەوە و ناوچەی گرنگ لە دەست بچن. بۆیە لەسەر دەسەڵاتی کوردی پێویستە بیر لەوە بکاتەوە، چۆن دەتوانێ وابکات زۆرترین ناوچەی دابڕاو بۆ کوردستان بگەڕێنێتەوە؟ چ ڕێگاو میتۆدێک لەوبارەیەوە پێویستن بیانگرێتەبەر؟